هۆڵەر.. توشبوویەکی دیکەی تای خوێنبەربون تەمارکرا

ئەمە چوارشەممە، حاڵەتێکی نوێی توشبوون بە تای خوێنبەربون لە پارێزگای هەولێر دەستنیشانکرا و بەمەش کێی توشبوان گەیشتە 10 حاڵەت کە دو کەسیان گیانیان لەدەستداوە.

وەزارەتی تەندروستی هەرێم لەڕاگەیەندراوێکدا بلاویکردەوە، "حاڵەتێکی دیکە بە نەخۆشی تای خوێنبەربون لە هەرێمی کوردستان تەمارکرا، ئەویش ئافرەتێکی ماڵ، دانیشتوی گوندی هەمزەکێری سەر بە قەزای قوشتەپەیە و تەمەن 45 ساڵە، بەرکەوتەی ئاژەڵی توشبو بوە".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "دوای سەردانی نەخۆشخانە و گومانلێکردن بە نەخۆشی تای خوێنبەربون و بونی نیشانەکانی، چەندین ڕێکاری دەستنیشانکردن و چارەسەری پزیشکی گیراوەتەبەر، لەئێستادا لەژێر چاودێری پزیشکی لە نەخۆشخانە خەوێندراوە و چارەسەر وەردەگرێت و تا ئێستا باری تەندروستی تاگە

ادەیەك جێگیرە".

وەزارەتی تەندروستی لەپەیامێکیشدا دەڵێت، "داوا لە هاوڵاتیان دەکەین و جەخت دەکەینەوە لەسەر جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی، لەکاتی بونی گومان و نیشانەکانی نەخۆشی لەسەر ئاژەڵ پێویستە تیمەکانی ڤێترنەری ئاگاداربکەنەوە، یان هاوڵاتیانی بەرکەوتوانی بەخۆوکردنی ئاژەڵ یان بەرهەمەکانی ئاژەڵ لەکاتی بونی هەر نیشانەیەکی ناتەندروست، بەخێرایی سەردانی نەخۆشخانەکان بکەن بۆ دواکەوتن".

ئەوەشیخستەڕو، "تا ئێستا دوای بونی چەندین حاڵەتی گومانلێکراوی نەخۆشی تای خوێنبەربون لە هەرێمی کوردستان و هاتنیان بۆ نەخۆشخانە و بەدواداچون و پشکنین بۆ گومانلێکراوانی ئەمساڵدا لەماوەی ڕابردو، دەرەنجام تەنها 10 حاڵەت دەسنیشانکراون و پشتڕاستکراونەتەوە کە دو حاڵەت لەبەر قورسی باری تەندروستی گیانیان لەدەستدا و حالەتەکانی دیکە بەتەواوی چاکبونەتەوە و لە نەخۆشخانە دەرچونە".